ئەی ئەبا زەر؛ ئەگەر شۆربات لێنا، (ڕێژەی) ئاوەکەی زیاتر بکە، وەهەندێکی ببەخشە بە دراوسێکانت

لە ئەبی زەرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەی ئەبا زەر؛ ئەگەر شۆربات لێنا، (ڕێژەی) ئاوەکەی زیاتر بکە، وەهەندێکی ببەخشە بە دراوسێکانت».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هانی ئەبو زەری غیفاری داوە -ڕەزای خوای لێبێت- بەوەی ئەگەر ویستی مەرگە لێبنێت ئەوا ئاو ومەرگەی زیاد بکات، وبەشێکی ببەخشێت بە دراوسێکانی.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5336